www.kurdistannet.org
24-9-2006 11:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوردێکی دەنگ بەسۆزوو، مرۆڤێکی ڕۆمانتیکی ... دیمانەیەک لەگەڵ هۆمەر دزەیی ... ئا: ڕێژین ابراهیم

rezhen@maktoob. com

لەدنیای هونەرو مۆزیکی کوردیدا زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە هەڵگری کلتوری ڕەسەن و فەرهەنگو ئەدەبی وولاتەکەی خۆیان بن، بەردەوام لەدنیای ئەدەبی و هونەریدا کەسانێك هەن زۆرترین هەوڵ و تێکۆشانیانداوە لە پێناو بەزیندوو هێشتنەوەیدیاربوونی مۆرکی کورد بوون لە مۆزیکی کوردی، ئەو هونەرمەندەش (عمر دزەییە) کە خاوەن چێژ و ڕۆشنبیرە، بی گومان ئەو کەسەی کە بریندارى موزیکی کلاسیکیە هەر لە منداڵییەوە لە سەرەتای هەڵەتی لاویدا توانی دەنگی خۆی لە نێوان ئاوازی مۆزیکی لادێیەکەی خۆیاندا بدۆزێتەوە و ببێتە گۆرانی بێژێکی ڕەسەن ئەویش هونەرمەند عمر دزەییە، ئەگەر چی هونەرمەند هۆمەر دزەی کەمی بەرهەمی هونەری وای کردووە لە نێوان ئەم سەردەمەی خۆماندا واتە لە نێو ئەم جیلە تازەیەدا زۆر تر ئەو هونەرمەندانەی کە ساڵا نێکی زۆر لە خەبات و تێکۆشاندا بوون بۆ پێش خستنی ئەدەب و فەرهەنگی هونەری کوردی، هونەرمەند ئەوە کەسەیە کە ئەویندارى سروشتێکی ڕۆمانتیکە و سەرمەستی پێچە ڤاڵستێکی ڤیەننایە، ئەو کەسەی مەستی چوونە ئۆپەریت و ئۆپرایە مێژووی کۆنی لاگرنگەو بەبەهایە لەلای چەندین کوچەوو شاری جیهان گەراوە، مەرقی تابلۆی ڕەسەن و شوێنەواری بی هاوتایە، ڕەنگە زۆر جار لە موزیکی ڕۆنانتیکیەوە بگەینە ئاقارێکی ئاکتیڤ، هەرووەها گەرانەوەی هونەرمەن بۆ سەردەمی لاووی گەرانەوەی ئەو سەردەمە ڕۆمانتیکییەیە بۆ هونەرمەند ئەو کاتانەی بە کوچەو کۆڵان وشەقام دا گەراوەو لە سوچێکی ئەم دنیایەدا بگەری یادگاریەکی هونەرمەند هەیە کە ئێستا بیر لەوکاتانە دەکاتەوە کە لە گەڵ کچانی لادی حەزحەزەیان دەکردوو ماچ ماچێیان دەگۆرییەوە ئێستاش خۆزگەدەخوازی بەو ماچە بەدزیانەی کەلەگەڵ کیژۆڵە نەشمیلانەکەی لەلادێیەکەی خۆیان ئەو کاتانەی بەسەری بردووە، هەریەکە لە ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان گوێبیستی ئەو گۆرانیە بووین کە لە نێو گوێماندا دەزرنگێتەوەو هەمیشە گوی بیستی ئەوەین دەڵێت:

چەندی گەڕام لەشاران نەمدی کەس وەك تۆ جوان بی
کیژۆڵە نەشمیلانەکەی جاران چۆن ئەبی نێوانمان وابی
بەیادی سەیرانەکەی ناوداران بریندارم... بریندارم

بی گومان هەریەکە لە ئێمە بە ووشانە ئاشنا بووە ئەویش دەنگە بەسۆزەکەی هونەرمەند هۆمەر دزەییە لە ئێوارەیەکدا توانیم گفتو گۆیەك ئەنجام بدەین بفەرموون

+: هونەرمەند هۆمەر دزەی کێیە؟

- هۆمەر دزەی:بەڵی من ناوم عومەری کوڕی حەمەدەمیناغای حاجی بایزاغایە، هونەرمەند باوکم یەکێك بووە لەسەردارە هەرە ناودارەکانی ئێلی دزەیی بووە، و دایکیشم ناوی کافیە خانی کچی شێخ مارفی هەڵەجەیە لەبنەماڵەی شێخەکانی کۆیە بووە و بە پێنج پشت دەگەڕێتەوە بۆشی حەسەنی گڵەزەردەی بەرزنجی، وە بە هۆمەر دزەی ناسراوە کە لە زستانی 1936 یان 1937 لە دێی (دوگردکان) کە 30 کیلۆمەترێك لەخوارووی هەولێرەوە لەدایك بووم، من لەسەردەمی لاویەتی دا ئەو کات کە لە گوندەکەی خۆمان ژمارەیەکی زۆر حەیرانبێژی دەنگ خۆش وەك کەریماغا و پیرداوداغا و زایەر و سمایلی حاجی کەریمی و حەمەدی ئەسعدی و ژمارەیەکی زۆر لە لەبەیت بێژوبەند بێژ دروێنەو ساوەر کوتانەوە و حیکایەت خوانی وەك مام قادری ئامانی، حسن چاویکلدان و قادر فاتی و عەلی حەمە سووسکەی ....، شمشاڵ ژەنی وەك و سووە کۆرو زورناژەنی وەك عەلیۆك و قۆریاتی چاوەش و کەچەری لێبوو، زۆر جاریش لەشایش و زەماوەندی دێیەکەمان یان دێیەکانی مام و ئامۆزاکانم لاوکبێژی ناوداری وەك حەمە داغای مەندۆو عەزیزاغا لاوکی شۆڕەسواری و ئەویندارى سەردەمە کۆنەکانی کوردەواری

بیان لەدیوە خانی ئاغاکاندا ئەووت و منیش بەو منداڵییەی خۆم هەستی خۆم لی رائەگرتن و لەناو بیرو خەیاڵمدا لێیان وورد ئەبوومەوە، کوڵێك لەو لاوك و حەیران و بەندی درۆێنەو ساوەرکوتانەوەم لەپەرە کاغەزی جیاجیای شڕو وردا تۆمار ئەکرد و ئێستاش هەڵم گرتوون هەڵبەتە زیاتریش شپڕێوو ڕەنگ زەرد بووین، سەر تۆپی هەموو ئەوانەیش ئامۆزایەکی شۆرە سوارو هەتا خوا حەز کا قۆزو شۆخی خۆم بوو.

+: بۆچی بە هۆمەر دزەی بانگیان دەکردیت، ئەو ناوە لە چییەوە هاتووەو یاخود تۆ لەقسەکانتا ئاماژەت بەوە کرد کە تۆ حەزت لە هەڵگری ناوی هۆمەر دزەی بووە بۆچی؟

- هۆمەر دزەی:هەروەکو ووتم کە تەمەنم گەیشتە 15 بۆ 16 ساڵ ئەو کاتە حەزم لی بوو ناوەکەم بەراستی کوردی بێت پاش ئەوەی هەستم کرد کوردایەتیەکەم بەهێزە پێم ناخۆش بوو ناوەکەم ناوێکی عەرەبی بێت، دزەیەکە کوردی بوو عومەرەکەش عەرەبی بوو، لەدەشتی ئێمە دەشتی دزەی زۆرجار عومەر بەهۆمەر بانگ دەکەن، لەدێیەکەی ئێمەش یەك دوو ناو هۆمەری لی بوو بەڵام ڕەسمی ناوەکەیان عمر بوو، لەبەر ئەوە من ناوەکەم گۆڕا بۆ هۆمەر دزەی لە نوسین و هەمو وبلاو کراوەکانیشدا هەر بەهۆمەر بلاو دەکرایەوە، ئەو کاتەی کە گەنج بووم لەتەمەنی 14 یان 15 ساڵی کە وێنەم دەگرت لە پشتی ڕەسمەکە پێشکەشیان دەکردم دەیان نوسی پێشکەشە بە هۆمەر دزەی لەبەر ئەوە بوهەر بەو ناوەوە بلاو کرایەوە و هەموویان دەنوسی هۆمەر دزەی

+: ئەگەر بێینە سەر بواری هونەری سەرەتای ئەو بەرکەوتنەت کە بەر دنیای هونەرو موزیك فەرهەنگی هونەری لەلای هۆمەر دزەی چۆن بوو؟

- هۆمەر دزەی:جاری بەر لەوەی وەك کارێکی پرۆفیشناڵ بلاو کرابێتەوە گۆرانیەکانم، من لەمناڵیەوە هەستم دەکرد دەنگم خۆشە و خەڵکەکەی دەورووپشتیشم پی یان دەووتم دەنگت خۆشە وە من بەزگماك هەروەکو دەڵێن دیارە هونەرمەند بووم، پاشان بەدەورووپشتیش ئەم هەستە زیاتر پەرەی سەند و گەشەی کرد چونکە لەدەوروبەری لادی ژیاوم ژیانم پڕ بوو لە فۆلکلۆرو خۆشە ویستی سادەی جوتیاران و لەنیوان کچ و کوڕ بەراستی زۆر شت کاری تی کردم بەراستی ئێستا خۆم بەقەرزاری ئەو ژینگەیە دەزانم کە تا تەمەنی لاویم لەوی دا بەسەر برد زۆر کاری تی کردم هەم لەڕووی هونەریەوە هەم لە رووی خۆشەو یستیەوە، وە خۆشەویستی سرووشت و ئێستاش حەزم لەلادییە تەنانەت لە شارە گەورەکانی ئەوروپا ناو بەناو ڕۆژانی پشوومان واتە شەمەو یەکشەمە دەچووم بۆ شاخو دەشت و زۆر حەزم لە سرووشت دەکرد زیاتر، دیارە هونەرمەندیش بە گشتی زیاتر حەز لە سروشت دەکات وە زیاتریش لەوە خۆم بە مرڤێکی ڕۆمانتیکی دادەنێم مرۆڤی ڕۆمانتیکیش هەمیشە سەرچاوەی خۆشەویستی و جوانی لە سرووشتدا دەبینی، بابێینەوە سەر پرسیارەکە دیارە من هەروەکو ووتم لە زگماکەوە هونەرمەند بووم وە لە قوتابخانەی سەرەتای بووم لە هەولێر کە بەزستانان دەچووین بۆ دەرس خوێندن لەبەر ئەوەی لادێیەکەی خۆمان قوتابخانەی لی نەبوو، لەپاشان لە قوتابخانەی سەرەتای بوومە ئەستێرەی گەشی قوتابخانە لە گۆرانی سروودی نیشتمانی و ئەو سا دەمان ووت هەمووکات مامۆستاکان بانگیان دەکردم دەیان ووت هۆمەر گۆرانیمان بۆ بڵی یان سروودێکی نیشتیمانی مان بۆ بڵی، دوابەدوای ئەمانەش لە نەورۆزەکانی ساڵی 1940 دەچووم بۆ کۆیە بەشداری نەورۆزەکانم دەکرد، ئەو کات چوومە خوێندنی ئامادەی ئاخر ساڵی خوێندنی ئامادەیم لە ساڵی 1954 بۆ 1955 لە بغداد بووم، تەمەنم 17 بۆ 18 ساڵ دەبوو لەوی بەرەحمەت بێت (شێخ حسن قەرەداغی) لەبەشی کوردی رادێۆی بەغداد کاری دەکرد ووتی هۆمەر گیان بۆنایەیت گۆرانیەك تۆماربکەی بۆ رادێۆ منیش ووتم باش، کە چوومە ئەوی هەشت گۆرانیم لەوی تۆمار کرد کەئەوە یەکەم بەر هەمی ڕەسمی هونەریم بوو کە بلاو کرایەوە بەڵام ئەوانەیتریش هەر لە بۆنە و ئاهەنگەکان و نەوروز تۆمارکراوە

+: لەسەردەمی لاویەتی هەمیشە کورێکی عاشق بە کێو سرووشت و کچی جوان بووی، ئەو خۆشەویستیەی کە لە کوردستان خۆشەویستیت دەکرد، واتە ئەو کاتەی کە لەلادێیەکەی خۆتان بووی هەمیشە لەکۆمەڵگای ئێمەدا کۆمەڵگایەکی داخراوە کەمتر دەتوانی ئەو هەستەی هەتە بەرامبەر بە کچ بتوانی بە ئاشکرا دەری ببری، ئەو کاتەی کە عاشق بە کچێکی جوان دەبووی دیارە بۆ خۆی ئەمە چەندین تاموو چێژی تایبەتی هەیە، کە خۆشەویستیەکی ژێر بەژێریە بوو، هەست دەکەی کە لەسەفەر کردن بۆ دەرەوە ئۆتۆماتیکیەن ئەم هەستە لەلای هۆمەر تەواو گۆرا بۆ نمونە ئەگەر لە ئەو رووپا کچێکت خۆش وویستبێت دەتوانی بە ئاسانی لە سەر شەقەم بتوانی ئەو هەستە بەرامبەری دەربر، یاتخود بە ئاشکرا دەتوانی ماچی بکەی، هەست ناکەی ئەمە جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ کۆمەڵگای خۆماندا خەزت لەکام خۆشەویستییەیە ئایە ئەو خۆشەویستیە ژێر بەژێرە یان ئەو خۆشەویستیەی ئەورووپا کە بە ئاشکرابوو؟

- هۆمەر دزەی:وەك لەسەرەتادا ئاماژەم بەوەکرد کە من لەسەردەمی لاویەتی دا هەر لەلادێیەکەی خۆمان ژیاووم ژیانم بەسەر بردووە، بەراستی ژیانێکی سادەو ساکارە بی ڕتووش، لەناو سرووشدا لەناو سەوزە گیای بەهاراندا حەز لەیەك دەکەن بەڵام بەڵام بەم رادەیەی ئێستا نەبوو رەنگە ئەو کات بەیەك گەیشتنمان گەیشتبێتە ئەوەی کە ماچی کچێکم بکردایە یان ماچێکت بگۆریایەتەوە، بەڵام لەوەزیاتر نەبوو، چونکە خۆت دەزانی ئەو سەردەمە ی ئێمە کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکی داخراو بوو هەرچەندە ئەو کاتە زۆر لەشار باشتر بوو کۆمەڵگای لادی کراوەتر بوو لە خەڵکی شار، ئیتر هەر لەمنداڵیەوە لەگەڵ کورانی لادی و کچانی لادی بەزم و رابواردن و ئەو شتانەمان دەکرد و چاو چاوانی و حەزحەزەیشمان بوو لەگەڵ کچانی لادی، ئە کتێبەی کە ئێستا چاپم کردووە بەوردی چیرۆکی ئەو سەردەمەی تیا یە کەچۆن رام بواردووە لەگەڵ کچاندا لەگەڵ برادەرەکانما، بۆ جیاوازی ئەو سەردەمە لەگەڵ ئەو کاتەی کەی سەفەرم کرد بی گومان جیاوازیەکی یەکجار زۆری هەیە، چونکە خۆشەویستی لاوی خۆمان ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەلای منەوە خۆشەویستیەکی بەسۆزترە و دڵسۆز ترە و راست ترە و راستگۆی زیاترە لەپاشان لەهەمویشی خۆشتر ئەوەیە خۆشەویستیەکی بەدزیە، واتە ئەو کچەی کە تۆ خۆشت دەوێت بەدزیەوە خۆشت دەوی بەدزییەوە جێژووان دەگرن لەگەڵ یەکدی، بەنهێنیە ئەوە بەلای منەوە زۆر زۆر خۆشە، بەڵام لەئەورووپا ئەو خۆشەویستیەی کە هەیە زۆر بە ئاشکرایە لەناو بازارو لەناو پارکێکدا کچێك دەستی لەناو دەستی کورێکدایە و ماچ ماچێنە دەکەن بەبی ئەوەی کچەکە شەرم بکات و تۆش هیچ شەرم ناکەی کچەکە ماچ دەکەی و ماچ ماچێنی لەگەڵ دەکەی بەئاشکرا، بی ئەوەی کەسیش تەماشات بکات زۆر زۆر ئاساییە، بەڵام بیردەکەمەوە خۆم زۆرشتی وام کرددوە لەدەرەوە رام بواردووە بەڵام کە بیر لەو ماچ ماچێنە بەدزیە دەکەمەوە لەلادێیەکەی خۆماندا، کە بیری لی دەکەمەوە ئەو ماچەی کە لەلادێیەکە کردوومە تاموو چێژێکی خۆشی هەبووە لەو ماچەی کە بەئاشکرا لەسەر جادەی ئەورووپا دەمکرد زۆر بەئاشکرا لەبەرچاوی خەڵکدا کرددومە.

+: باشە تۆ ئەو هەموو خۆشەویستیەت بۆ کچان و بەتایبەتی کچانی لادی و جوانی ئەو سرووشتەی کە ئالوودەی کردووی و هەمیشە لە دوورە وڵاتیش تامەزرۆی بینینی ساتەکانی تەمەنی بەگەرانەوەی ئەو کاتانەی کە تەمەنی لاویت لە لادی لەگەڵ کچانی شۆخو شەنگدا بویت و هەمیشە ئەو کچانە سەرنجی تۆیان راکێشاوە، تۆ ئەو هەستەی بۆ دەربریوون وەك بۆت باس کردین بە خۆشەویستیەکی جوان بووە ئەویش هەندێك جار لە کەسێکەوە گۆراوە بۆکەسێکی تر، بۆ نمونە کە لە کوردستان buوویت قەد بیرت

وارووویداوە کە لە غەریبیشدا ئەو کچەی کە خۆشت وویستووە و مومارەسەر ژیانت لەگەڵدا کردووە دووبارە توانیوتە ئەوهەستە بەشیعر یان گۆرانی بۆ بلێێ؟

- هۆمەر دزەی:بەڵێ من کە چووم بۆ کەرکوك لە ساڵی (1950 بۆ 1954) لە کەرکوك ناوەندیشم لەوی تەواو کرد هەروەها ئامادەیش جگەل لە قۆناغی کۆتای نەبێت واتە بۆ لی شەشەم لە بەغداد تەواو کرد، لەوی حەزم لە کچێکی ئاشووری دەکرد ئەوسا ئەویش هاوتەمەنی خۆم بوو رەنگە هەمووی ساڵێك لە خۆم بچوکتر بێت، کچە ئاشووریەکە کچێکی رەشتاڵەی زۆر ئێسکی سوکی خوێن شیرین بوو هاوینان ماڵیان لە مەسیفی یەلاحەدین بوو چونکە باوکی دکتۆر بوو بە دکتۆر مەلەك مەشهۆر بوو دەچوون لە وی خانویان دەگرت، منیش لەگەڵ ماڵە پورزاکانم دەچووم لە یەلاحەدین خانووم دەگرت ئیتر لەوی یەکترمان ناسی کچەکەم زۆر خۆش دەویست جاکە گەراینەوە بۆ کەرکوکیش گۆرانیەکی زۆر بەناوبانگی ئەوکاتەی ئیسپانی ووترا بوو کرابوو بە ئیتالی گۆرانیەکی بەناوی (خۆشەویستەکەم) منیش ئەو گۆرانیە شیعرێکی کوردیم بۆ دانا لەسەر هەمان ئاواز شیعرە کوردیەکەم بۆ دانا بەناوی (لەیلا پۆر مەلەك) لەیلای کچی دکتۆر مەلەك بو کە خۆشم دەویست ئەمە یەکەم گۆرانی و شیعرم بو کە بۆ کچی بنوسم و دایبنێم، ئینجا کە چووم بۆ ئەورووپا لە ئەورووپا زۆر هەبوو بەلام یەکێك لەودۆستانەی کەزۆرم خۆش دەویست ناوی هێریکا بوو شیعرێکی زۆر جوانیشم بۆ ئەو نوسی کە بلاو کرایەوە وە خۆشم بەنیازم لە کتێبێکدا ئەو شیعرە بلاو کەمەوە بەناوی (بۆ هێریکا بی دڵ) کە ناوی کچەکە بوو، ئەو شعرەشم بۆ ئەو دانا ئیتر بۆ گۆرانی تریش ئێتا بەنیازم کە بەناو نیشانی (خەون لەخەونا) بلاو بکەمەوە یان چەندین گەرام لەشارا ئەم شیعرە خۆم دامناوە وەنەبێت چەندین گەرام لەشارانا تایبەت بەشیعرێکی دیاری کراو، زۆر کەسی وا هەست دەکەن کە ئەوەندە گەرام لەشارا کەسم نەبینی وەك ئەو کچە جوان بێت، بەلام مەبەستم ئەوەنیە تاکە کچێك بێت من مەبەستم هەموو ئەو کچانەی کە لەئەورووپا و ئەمەریکا بووە هەموویم کۆکردۆتەوە لەناو یەك کەس کەئەمە هەموویان دەگرێتەوە،

+: ئەگەر بێینە سەر ئەو کاتەی کە بە نیاز بویت بچیتە ژیانی هاوسەرێتیەوە چیرۆکی ئەو کاتە چی بووە؟ بۆ تۆ وەك لە سەرەتاوە ئاماژەت پێدا لەگەڵ چەندین کچدا پەیوەندیت پەیدا کردووە، دواتر جیا بوونەتەوە بۆ چی ئەو پەیوەندی خۆشەویستیەی کەلەگەڵ چەندین کچدا کە خۆت ئاماژەت پێدا نەگەیشتۆتە ئەنجامی ئەوەی کە بی خوازیت، ئایا ئەمە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە تۆ ئەوکاتە هۆکاری کورد پەروەریەکە زۆر تر هاندەر بوو بۆ ئەوەی هۆمەر دزەی نەتوانی کچێکی بێگانە بناسێت و دواتر زەواجی لەگەڵ بکات، دایکی مناڵەکانی زمانی جیاواز بێت لە زمانی کلتورو فەرهەنگی کوردی لەکۆتایدا گەرایتەوە بۆ باوشی کوردستان و وولاتی دایك چوویتە خواز بێنی رووناك خانی ئامۆزات لەپاشاندا خواست و ئێستاش هاوسەری ژیانتە؟ئێستا ئەو هەستەی جارانت بەرامبەر بەکچ ماوە یان ووردەوردە بەرەو سست بوون دەروات؟

- هۆمەر دزەی:ئەوەی راستی بێت هەروەکو باسم کرد ماوەیەکی زۆر یاخود بابڵێم کەمێك درەنگ ژنم هێنا لەتەمەنی 30 ساڵیدا، ماوەیەکی زۆر لەدەرەوە لەگەڵ دۆست و برادەرم زۆر بو چونکە لەژیانمدا لەوماوەیەی کە لەدەرەوە بووم لەیەك وولاتدا نەژیاوم بەڵکو لە زۆر وولات، ئەڵمانیا لە نەمسا لە فەرەنسا لە ئنگلتەرا... هتد لەپاشان جگەلەوەی لەوی کە دەژیام ساڵەهای ساڵ بوو لەگەڵ ئەوەشدا سەردانی وولاتانی ترم دەکرد وە لەکۆتایدا هاتمە ئەمەریکا کە ماوەی 20 ساڵە لەوی دەژیم ئێستا من رەکەزنامەی ئەمەریکیم هەیە، ئیتر لەو ماوەی هەتا ژنم نەهێنا راستیەکەی دۆست و خۆشەویست و برادەری کچم زۆر بوو بەلام هەمیش لێرەو لە دەرەوەش کە لەگەڵ کچێك یەکتر دەناسن کچەکە حەزدەکت شووت پی بکات براستی منیش نەم دەویست کچێکی بێگانە بکەمە هاوسەرم و هەستی کوردایەتی وای لی کردم کە ئەبێت دایکی منداڵەکانم کورد بن و بریارم وابوو، ئینجا بۆیە زۆر

پەیوەندیەکانم لەگەڵ کچەکاندا دەبرا چەند مانگێك لەگەڵیدا بووم یان ماوەیەکی کەم پێکەوە دەبووین یان چەند هەفتەیەك، ئەوانیش یەکسەر دەیان زانی خۆشەویستیەکەم بەراستی نیە یەکسەر وازین دەهێنا ئەو کاتەیان بەزیاد بەسەر نەدەبرد، تەنانەت جارێکیان بەبیرم دێت ئێستەش هەست بە ویژدانێکی نائاسوودە دەکەم چونکە کچێکی مێێریم ناسی لە پاریز کچێکی هەتا بڵێی جوان بوو 18 ساڵ بوو باوکی سەفیری مێێر بوو لە پاریز لەگەڵما لە کۆلیژ بوو ئیتر بووین بە هاوڕێ و دۆستی یەکتر پەیوەندیەکی باشمان هەبوو داوای لی کردم کە بچمە داوای وتی ئەگەر نەم هێنی ناتوانم لەگەڵتا بژیم بمێنمەوە، منیش زۆر بەراشکاوی و پێم ووت زۆرم حەز لێتە زۆریشم خۆش دەوێت بەڵام یەك شت هەیە زۆر لەوە بەهێزترە لە خۆشەویستیەکەم بەهێز ترە ئەویش هەستی کوردایەتی یە کوردایەتیەکەشم ئەوەیە حەزناکەم منالەکانم دایکیان عەرەب بێت یان، ئەو قسەیەی کە پێشم ووت زۆر هەستی بریندار کردوو گریا ووتی نەمزانی کە سێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو چەند ساڵە لە ئەورووپا دەژیت ئێستا بیر لەوە بکەیتەوە زۆر سەیرە، قسە کە راست بوو ووتی بەو شیوەیە بیر بکەمەوە، ئیتر لەگەرانەوەم بۆ کوردستان هاتمەوە حەزم لە کچە ئامۆزایەکی خۆم کرد زۆر جوان بوو خۆشم وویست و بەدڵم بوو چوومە داوای.

: لەم سەردانەتا کە هاتیتەوە بۆ کوردستان وابریارە لە گەڵ گرووپی مۆزیکە سەهەند برەو بەکاری هونەریت بدەیت و هەروەها دەنگۆی ئەوە هەیە کە بەنیازی ئامادەکردنی کۆنسێرتێکی، هەروەها بەنیازیت گۆرانیە کۆنەکان و ئەم گۆرانیە تازانەت بکەیت بە سیدی؟

- هۆمەر دزەی:کەهاتمەوە بۆ کوردستان ەگەلڕَ عبدووڵ جمال دەستم بەکاری هونەری کرد، دوو بەرهەمم ئەنجام داوە یەکێکیان ئەو گۆرانیەیە (خەون لەخەونا) ئەوی دیکەشیان لەسەر دێیەکەی خۆمان بەناوی (گوندەکەم دووگردکان) کە شیعرەکەی لەپشتی کتێبەکەم نوسیوە دوساڵ لەمەو بەر کە هاتمەوە گوندەکەی خۆمان ئاوا بە وێرانی نەم دی بوو چاووم پی کەوت بەراستی گریانم بۆ هات و گەرامەوە بۆ ئەمەریکا ئەمشعرەم بۆ نوسی بۆ گوندەکەی خۆمان ئێستاش دەیکەمە گۆرانی بەلام ئێستا چەند گۆرانیەکی دیکەم هەیە هەندێکی ووشەکانی خۆمن (لیریك) هی خۆمە، ئاوازەکانیش رۆژئاواین بەتەمام ەگەڵ گروپی مۆزیکە سوهەندا بیکەمە گۆرانی و تۆماری بکەم، وە ئەگەر کرا بەتەمام کۆنسێرتێکیش بکەین ئەگەر گۆرانیەکانم بای کۆنسێرتێك دەست بدات و کۆنترۆڵە بەسەردا بکرێت ئەوا کاری بۆ دەکەین بەڵکو بەئەنجامی بگەیەنین.

+: باشە هەوڵت داوە زیاتر گۆرانییەکانت بکەیتە ئۆرکیست واتە هەوڵت نەداوە لەم سەردانەتا لەگەڵ ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی یاخود لەگەڵ سەمفۆنیای عێراقی کار بکەیت و زیاتر کارەکانت لەو شێوازەدا رەنگ بداتەوە؟

- هۆمەر دزەی:من لەوباوەڕەدا نیم کاریان لەگەڵ بکەم و دووشتم بەدڵ نیە لەم وولاتەدا، یەکەمیان کۆمپیوتەریزەکردنی گۆرانی بێژ دوەمیان گۆرانی بێژ بهێنی لەگەڵ سەمفۆننی کاربکات من لەگەڵ کاك عەبدووڵ جمال دەستم بەو کارە کرد بەراستی کە دیم هەمووشتێك بە کۆمپیوتەرە گروپی مۆزیك نەماوە لەگەڵتا دابنیشی، بەراستی گۆرانی بێژیش ئەو جۆش و خرۆشەی نامێنی، کە تیپێکی مۆزیکە زیندووت لەگەڵ نەبێت هیچ نیە بەراستی، من ئێستاش ئەو گۆرانیەی کە تۆمارم کردووە من کاك عەبدوولا م زۆر خۆش دەوێت چونکە کەسێکی لی هاتووە بەلام تێکەڵ کردنی ئەم شتانە بە کۆمپیوتەر، من لەگەڵ ئەوەدا نیم، من خۆم لەگەڵ ئەو دوو گۆرانیەدا نیم کە تۆمارم کردووە لەگەڵ کاك عەبدوولا، هەرچەندە خەڵك گوی ی لی بووە دەڵێت زۆر خۆشە بەلام من لەگەڵ ئەوەدانیم من خۆم هەستی پێدەکەم نامۆم بە مۆزیك هەستی پی دەکەم ئەو جۆش و خرۆشەی تیانیە، بەلام ئەگەر گروپێکی مۆزیکە زیندوو لەگەڵما بوایە هەستم دەکرد زۆر سەرکەوتوو دەبووم، کاری سەمفۆنیش بەلای منەوە باش نیە هونەرمەند

عەدنان کەریم کە خۆم لە وی بوم کە کۆنسێرتەکەی زۆر سەرکەوتو نەبوو زوڵمێکی زۆر لە عەدنان کرا بەڕاستی عەدنان دەنگی زۆر زۆر خۆشە شایستەی زۆر لەوە زیاتر بوو، کاکە مۆزیك زۆر بەسەریدا دەنگی عەدناندا زاڵ بوو لەوی من زۆر خەڵکم لەگەڵدا بوو دانیشتبوون دەیان ووت ئەمە چیە مۆزی لەلاەك و گۆرانیش لەلایەك ئیتر هیچ هەما هەنگییەك نەبوو، زۆر ناسەر کەوتو بوو من بۆ خۆم شتی واناکەم پێشم ڕاست نیە، کامکارەکان هەندێك کاری وایان هەیە باشە و بەڕاستی ئەوان شارەزان، بەڵام دیسانەوە ئەوانیش شتێیەکیان هەیە بۆ نمونە ئەو گۆرانیەی مریەمی ئیبراهیم پور کە لە گۆرانی بولبولی باڵ شکاوەی من سەمفۆنی لی دەداتنیو سەعات لەپاشان گۆرانی بێژەکە سی چوار کەلیمە دەڵێت و هەمد یس دەست دەکاتەوە بە مۆزیك کەئەمە مافی هونەرمەند دەخورێت لەم کاتەدا.

+: باشە بۆ من لە گۆرانیەکانتا ئەوانەی کە تۆمارت کردوون بۆ تا ئێستا کلیپت بۆ نەکردوون، جگەل لەوانە نەبێت کە لەسەر شانۆ لە بۆنەو جەژنەکاندا ووتوتە، ئایا حەزت بەکلیپ کردن نیە تۆ پیت وانیە زۆر لەو کلیپانە حەقی گۆرانی بێژەکە دەخوات بەوەی کە بینەر ئەوکاتە تەرکیزی لەسەر گۆرانی ووتنەکە نامێنێت و خەیاڵی بۆ کلیپ کردنەکە دەچێت؟

- هۆمەر دزەی:من خۆم حەزم لە کلیپ کردن نیە ئەو کلیپانەم پی خۆش نیە من حەز دەکەم گۆرانی بێت بەسید بڵاوی بکەمەوە بەڵام بە کلیپ نا بۆ تەلەفیزۆن، بەڵام ئەگەر لە کۆنسێرتێکدا من گۆرانی بڵێم لەپاشاندا وێنە بگیرێت و لە تەلەفیزۆن دابەزێت ئەوا پیم خۆشە، بەڵام من پێم خۆش نیە وەك لە ئێستادا هەیە بچم بەسەر شاخو پیاسە بکەم لەگەڵکچێکدا ئەو تۆزێك ئاوم پیا بکات و من تۆزێك ئاوی پیا بکەم لە پاشان ئەو ڕابکات من ڕابکەم بەشوێنیدا، دواتر گوڵیکی بدەمەو ئەویش لێم وەربگرێت، ئەمە وادەکات تەرکیزی بینەر ڕاکێشیت بۆ لای کلیپەکەو ئاگای لەگۆرانی نامێنێت، ئاگای هەر لەلای ئەو کیژۆڵانەیە کەسەما دەکەن و مەمکو لە شوو لاریان جوانەو، من بۆ خۆم هەرکاتێك گۆرانیەك کلیپی هەیە سەیری دەکەم زۆر تەرکیزم لەسەر ئەو کچە جوانانەیە لەپشتیەوە بە کابۆیەکی تەسکەوە قونی خر خۆی بادەدات و بەڕاستی پیاو تەرکیزی لەسەر گۆرانی نامێنێت، وە کلیپە کوردیەکانیش بەڕاستی ئەو سەرکەوتووە نین، بەڕاستی من تاقەتی شتی وام نەماوە ئەوانە بۆ گەنج باشە و ئەو گەنجانەی کە تازە پێدەگەن و هاتوونەتە ناو دنیای هونەرەوە ز

+: بم بوورە مامۆستا گیان لێرەدا دەمەوێت بپرسم هەست دەکەم ماندوو بوویت وا دەڵێیت تاقەتی ئەو کلیپانەت نەماوە وا دەڵێیت ئەوانە بۆ گەنج باشترە، یان دەڵێیت ئەو کەیفوو سەفایەی جارانت نەماوە وا باوەڕت بەخۆت نەماوە، نازانم هەست بەبێزاریەکت دەکەم وایە یان نا؟

-نا.. نا. متندوو نەبووم نا.. نا بەڵام پیم جوان نیە پاشان کلیپ سەرنجی گوێگر لەسەر گۆرانیەکە نامێنێت و سەیری ئەو کچە جوانانادەکات، لێرەشدا دیسانەوە حەقی گۆرانی بێژدەخورێت

+: ئێستای ئەگەر بێینە سەر کاری سیاسی، بەرێزت لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو بەبنەماڵە کەسێکی خەبات گێر بوون بزانین هونەرو سیاسەتت چۆن گرێداوەو توانیوتەبرەو بەژیان بدەیت

- هۆمەر دزەی:ئێمە لە بنەماڵەی کورد پەروەر بووین هەموو خێزانێکی کورد تێکەڵ بە دنیای سیاسەت بووە، ئێمەش هەر بەبنەماڵە ئەوکاتەی ئەگەر بگەرێمەوە بۆ دوواوبۆ سەردەمی مامەکانم دەوڵەتی عێراق هێشتا دانەمەزابوو شەری جیهانی یەکەم بوو، لە زەمانی شێخ محمودی نەمر مامەکانم هەموویان لەگەڵ ئەواندا بوون لە پاشاندا یارمەتی ئینگلیزەکانیاندا بۆ دەرکردنی تورکە عوسمانیەکان، هەروەها ئەو کاتە داوایان کردووە کە یارمەتیمان بدەن لە پێك هێنانی دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنین لەساڵی 18بۆ 19، هەروەها ئەوکاتەی کە حیزبی (ژ ك) باڵای کوردستانی عیراق چونکە حیزبی (ژ ك) لەئیران لەلایەن قازی محمود دامەزرێنەری بوو لەم دیویش مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) بووە سەرۆکی ئەو حیزبە ئێمە مناڵ بووین هەموومان بووینە ئەندام لە حیزبی ژی کاف

لەپاش ئەو حیزبە حیزبی شۆڕش هات پاشان... هەروەها کە چوومە دەریشەوە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد هەبوو لە دەرەوە وەکو باڵوێز کورد بۆسەردەمە لەدەرەوە چونکە حیزبەکانی تر هیچ یان نەبوو، پرو پاگەندەو راگەیاندنمان دەکرد بۆ کورد کەچوومە ئەوروپا بوومە بەریوەبەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کرد

+: باسی باڵو یزت کرد شتێکم بیر هاتەوە بەرێزت ئەم سەردانەت کە هاتیتەوە بۆ کوردستان و خۆت کرد بە خانەنشین لە رادیۆی دەنگی ئەمەریکا، کە رادیۆی دەنگی ئەمەریکا لەساڵی 1992 کرایەوە و 14 ساڵی لەگەڵ ئەو رادیۆیە کار دەکەیت لە 25 نیسانی 1992 لەی لەگەڵ چەند کەسێکدا بەرێوەتان دەبرد بەرەرێزت لەسەرەتای کردنەوەی رادیۆکە لەوی کارت کرد، لەپاشاندا بوویتە بەرێوەبەری بەشی کوردی لە رادیۆی دەنگی ئەمەریکا و بەڕێوەت دەبرد لەو نێوەندەشدا بەرنامەیەکت هەبوولەسەر فەرهەنگو هونەری کوردی ئەو بەرنامەیەت بۆ ماوەی 10 ساڵ هەفتەی دووجار پەخش دەکرا ئێستا خۆت خانەنشین کردووە، من لێرەدا دەمەوێت پرسیاری ئەوە بکەم لەو ماوەیەی کە بەرێز مام جەلال ئەوکاتەی کە سەرۆکە کاتی مەجلیسی حکوم بوو هاتە واشنتۆن لەلای بەرێزت ئایە مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو کە بتکاتە باڵوێز، ئایا هۆکاری خۆ خانەنشین کردنەکەشت دەگەرێتەوە بۆ هەمان هۆکار کە ئێتا چاوەروانی یان مەبەستیکی تری لە پشتوەیە؟

- هۆمەر دزەی:بەڵی درووستە، ئەوە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی پێرار سەرۆکی ئەنجومەنی مەجلیسی حکوم هەبوو کە هەرمانگەو جارێك کەسیچك دەبوو بە سەرۆك ئەو کاتە بەرێز مام جەلال بووبوسەرۆکی مەجلیسی حکوم هاتە واشنتن پی ی ووتم حەزدەکەم ببیتە باڵوێزی خۆمان لە عێراق بەلاّم دەبێت جاری بوەستی چونکە هێشتا دامان نەناوە بەلاّم کەدامان نا حەز دەکەم تۆ بیت و دواتریش پێی ووتم کە پێم ووتی دەبێت لە رادیۆ واز بهێنی خۆت خاەنشین بکەی، وەرەوە بۆ کوردستان ئەوەبو مام جەلال ناوی دام و پار وەجبەیەك ناوی چەند کوردێکی تیابووئێستاش ئەم ئامارەی دووەم ناوی منی تیابوو، هەر ئەمەش بوو وازم لە رایۆ ی دەنگی ئەمەریکا هێناو خۆم خانە نشین کردووئێستا چاوەروانی ئەوەم کەناومبیتوە، وە ئەو بەرنامەی فەرهەنگو ئەدەبی کردیش ماوەی 10 ساڵی خایەند بە نیازم لەداهاتوودا ئەو بەرنامانە بخەمە سەر سێدی و بلاّو ی بکەمەوە، هەروەها بەنیازی چاپ کردنی کتێبێکم لە ژیانی خۆم کە بریتیە لە وێنەو دواتر یادگاری وێنەکان لە دووتویی کتێبێکدا بەنیازم چاپی بکەم و وە تیکرای ئەو گۆرانیانەی کە هەمە بیخەمە سەر سیدی چونکە تا ئێستا سدیەکی خۆمم نیە